ئێران بۆ هەڕەشە: دەبێت ڕێککەوتنی ئەمنی وەک خۆی جێبەجێبکرێت

وەزیری دەرەوەی ئێران جەختدەکاتەوە دەبێت هەموو بەندەکانی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران وەک خۆی جێبەجێبکرێت، کە تایبەتە بە چەکدامانینی حزبەکانی ڕۆژهەڵات.

ئاژانسی هەواڵی میهری ئێران باوێکردووە، حسێن ئەمیر عەبدوللاهیان وەزیری دەرەوەی ئێران، لە شاری ژنێف لەگەڵ وەزیری ناوخۆی هەرێم کەبووتەوە گفتوگۆیان لەبارەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان هەردوولا کردووە.

بەپێی ئاژانسەکە، عەبدوللاهیان دووپاتیکردووتەوە کە دەبێت هەموو بەندەکانی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران جێبەجێبکرێت و ئەنجامی ئەو کارەش لە قازانجی هەموو ناوچەکەیە.

لای خۆیەوە وەزیری ناوخۆی هەرێم ڕایگەیاندووە، گفتوگۆکانیان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران، لەسەر پەیوەندی مەژوویی عێراق و ئێران و هاوکاری زیاتر و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی دوولایەنە بووە و هاوکارییەکانیشیان درێژەی دەبێت.